P S D Kurdistan

**The Social Democratic Party of Kurdistan**

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)



# "بەڵێ" یان "نەخێر" بۆ بەشداریی کردن لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێراندا؟

## هەڵبژاردن لە ئێران

کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و دانیشتووانەکەی ڕووبەڕووی خراپترین چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئابووریی و کولتوریی و سیاسیی دەبنەوە. تا پێت دەکرێت دەنگ مەدە! دەنگدانی تۆ وەکوو ئەندامی نەتەوەیەکی داگیرکراو، لە دۆخی ئێستای ئێراندا بە مانای شەرعیەت دان بە نۆرم و نەزمی سەرکووت و چەوساندنەوە دێت، بەمانای درێژەدان بە داگیرکاریی و ئازاردان و ئەشکنجەکردنی رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان و راگرتنی لە کۆیلیەتی و هەژاریدا دێت، کە لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا خراپتر بووە نەک باشتر! بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکدا مەکە، کە خێر و خۆشیەکی تایبەتی بۆ دانیشتووانی کوردستانی تێدا نییە.

لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەستەڵاتدارانی ئێران پێ دەنێنە خولی دەهەمینی هەڵبژاردنی خۆیانەوە. لەبەرئەوەی بنکەیەکی شیعە مەزهەب لە ئێراندا و بە تایبەتی لە دەوری ناوەندا هەیە ئەوا دەستەڵاتدارانی ئەو کۆمارە دەتوانن جۆرێک لە هەڵبژاردن ساز بکەن چونکە دەزانن کە سەرەڕای بایکۆتکردنی مەزهەبگەل و نەتەوەکانی دیکە بۆ هەر هەڵبژاردنێک لە ئێران ئەمان دەتوانن بە هۆی دەستەڵاتی سیاسیانەوە جۆرێک لە هەڵبژاردن ساز بکەن. لە ناو ئەو گرووپەدا دیارە هەم لایەنێک بە ناوی ڕیفۆرمیستەوە هەن و هەم لایەنێکیش بە ناوی توندگیر یان ئوسولگەرا و لایەنێکیش کە دەتوانن کاندیدی سەربەخۆ بن و کە هەر یەکەیان دیدێکی تایبەتیان بۆ پرسی ئابووریی، سەربازیی، کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکە هەیە، لە پێناو راگرتن و مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەموو ئەم لایەنانە بە ناو فیلتەرە جیاوازەکانی دەستەڵاتی مەزهەبی شیعەدا، بە تایبەتی بە ناو شورای نیگاهبان، دا تێپەڕبوون و تێپەڕ دەبن و پەسەندکراون. ئەگەرچی هەموو هەڵبژاردنەکانی ئێران، بە هی سەرۆککۆماریشەوە، تا ڕادەیەکی باڵا بەرسنووردارە بەڵام بە شێوەیەک جۆرێک لە میکانیزمی دیموکراسیان بۆ هەڵبژاردن لە ناو خۆیاندا فەراهەم کردووە کە دیارە سنوور و میچی لەو بازنەی شیعەی کە بە وان وەفادارە تێپەڕ نابێت. بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین کە لە ناو شیعە مەزهەبانی گشتییدا جۆرێک لە ناڕەزایی لەلایەکەوە دژ بە خودی دەستەڵاتەکە، و لە لایەکی دیکەوە دژ بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەستەڵات لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی تایەفەی شیعەدا هەیە. سەبارەت بە خودی ئێرانی سەرانسەریش گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە جیاوازەکان بەرنامەی تەواو جیاوازیان لە بەرانبەر دەستەڵاتدا هەیە و لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت دژ بە هەبوونی ئەو دەستەڵاتەیشن.

نەتەوەگەلی وەکوو کورد و بلوچیی و ئازەریی بە شێوەی جیاواز دەکەونە جۆرێک لە

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوە کە پێشوەخت دەزانن کە دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی، لەو بازنە بەرتەسکەی بناخەی هەبوونیدا ناتوانێت نوێنەرایەتیان بکات.



## هەڵبژاردن چییە؟

هەڵبژاردن دەتوانێت گەلێک شێوەی جیاوازی هەبێت و لە ماناکەیدا دیارە کە لە هەبوونی کۆیەکدا مرۆڤ دەتوانێت هەڵبژێرێت. هەر ئەو پێشمەرجە گرینگانەی کە وا دەکەن هەڵبژاردنێک مانای دروستی خۆی بدات ئەوەیە کە ئازادیی بەیان، ئازادی خۆدەربرین، ئازادی کۆبوونەوە و میتینگ، ئازادی خۆڕێکخستن بەرەویان هەبێت و پاشان فرەلایەنیی، واتە پلورالیزمی سیاسیی، بەرقەرار بێت وا کە هەموو گرووپ و ڕێکخراوە و پارتێک، جا بچووک بن یان گەورە، بتوانن خۆیان بخەنە ئەو هەڵبژاردنەوە. لە پلەی دووهەمدا دەبێت میکانیزمی سیاسیی ڕەوا بۆ شێوەی بەشدارییکردنی ئەو لایەنانە هەبێت و ڕوون بکرێتەوە کە ئەو بەشداریکردنە کام لەم مەرجانە دەیانگرێتەوە و لەبەرچی ئەو مەرجانە هەن.

## تایبەتمەندیەکانی دانیشتووانی کوردستان

لە ئێراندا بێجگە لەو بازنەیەی کە بەرانبەر بە خەتی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەفادارن، لایەنی دیکەی جۆراوجۆر هەن کە بە شێوەیەک ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەستەڵاتەن. لەوانە ١. هەموو ئەو فارسانەی کە شیعەمەزهەبن و ئێرانیستن بەڵام دژ بە سیاسەت و تەنانەت بە هەبوونی کۆماری ئیسلامیین، ٢. هەموو ئەو ئێرانیانەی کە شیعەمەزهەبن و بەڵام دژ بە سیاسەت و تەنانەت بە هەبوونی کۆماری ئیسلامیین، ٣. هەموو ئەو ئایینزایانەی کە شیعە نین، بۆ نموونە جۆرەکانی سوننە و وەهابی، و هەژمۆنی نوخبەیەکی شیعەگەر و دەوڵەت لە شێوەی وەکوو ئێستادا ڕەت دەکەنەوە، ٤. هەموو ئەو شیعەمەزهەبانەی کە بە ڕەچەڵەک کوردن یان ئازەریی و شێوەی دیکەن لە نەتەوەی دیکە، و هەست بە وەفاداریی مەزهەبی ناکەن و خۆیان لە بازنەی نەتەوەی خۆیاندا وەک هێزی سیکولار دەبینن، ٥. هەموو ئەو نەتەوانەی وەکوو کورد، ئازەر و بەلوچ کە هیچ جۆرە دژایەتیەکیان لەگەڵ مەزهەبی شیعەدا نییە، بەڵام دژ بە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامین و وەکوو داگیرکار یان شێوەی دیکەی ستەمکار دەیبینن.

لە ناو هەموو ئەو نەیار و دوژمنانەی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دانیشتووانی کوردستان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. لە کوردستاندا مەزهەبی ئایینی جیاواز هەن و بزووتنەوەیەکی سیکولاریستی بەهێز هەیە. ئەگەرچی لە ناو کورددا بەکرێگیراو و سیخور هەن و لە هەمانکاتیشدا ئیسلاحتەڵەب و لایەنگری دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەن و لە ناو شیعەی کورددا لایەنگری مەزهەبیی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەن، بەڵام ئەوە تەنیا دۆخێکی نائاساییە کە لە سەرئەنجامی داگیرکردنەکەوە دروست بووە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەوڵێکی زۆر دەدرێت ڕووخسارێکی سیاسیی بە ئیسڵاحتەڵەبەکانی کورد بدرێت، بەڵام لە ڕاستییدا نمایشنامەیەکی ئاولێچۆراوە کە ڕۆڵی سەرەکیی ئەکتەرەکان زیاتر و زیاتر دەردەکەوێت. هیچ بێنەوبەرە هەڵناگرێت کە لە ئێستای کوردستاندا دانیشتووانی کوردستان دژ بە دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و وەک داگیرکارێکی خۆداسەپێنەر

لەو دەسـتەڵاتە دەڕووان و هەمیشـە بەخێرنەهێنراو بووە.

لە دوای شـەڕی چالدێرانەوە، سـاڵی ١٥١٤ لە نێوان سـەفەویەکان و عوسـمانیەکان، کە کوردسـتان بۆ یەکەم جار دابەش کرا، هەمیشـە بزووتنەوەی جۆراوجۆر دژ بە دەسـتەڵاتی داگیرکارانەی ئەو دەوڵەتە هەبووە و ئێستایش بەردەوامە. مرۆڤ دەتوانێت پێدابگرێت کە بزووتنەوەی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردسـتان، لەگەڵ هەموو ناتەباییەکیش کە لە ناو هێزە سـیاسـیەکانی کورددا هەیە، لە باشـترین و گەشـەدارترین قۆناخی کوردستانیبوونی خۆیدا خۆی دەبینێتەوە.

کۆمەڵگای کوردسـتان، بە پێی بۆچوونی ئێمە، وڵاتێکی داگیرکراوە کە جۆری مەزهەب و بیروڕای سـیاسـیی زۆر جیاوازی تێدایە و لەبەرئەوە جێگایەکی تایبەتیی لە ئێران و لە سـیاسـەتی ئێراندا هەیە. ئەم جێگا جیاوازەی کورد و کوردستان لە هەڵسوکەوتی دەسـتەڵاتدارانی کۆماری ئیسـلامیی ئێرانیشدا بەرانبەر بە کورد و کوردسـتان دەردەکەوێت.

لەبەرئەوەی ئێمە پارتێکی کوردسـتانیین، ئەوا لەم ڕوونکردنەوەی خۆماندا سـەبارەت بە هەڵبژاردنی سـەرۆککۆماری ئێران ڕوومان لە خەڵکی کوردسـتانە و دەڵێین، هیواداربن بە بەشـدارینەکردنی خۆیان لە پرۆسـەی هەڵبژاردنی سـەرۆککۆماری ئێراندا ناشـەرعیەتی ئەو دەسـتەڵاتە بخەنە ڕوو.

## گرفتەکانی ئەم هەڵبژاردنە:

### ١. ئەگەر خەڵکی کەنار بەشدارییش نەکەن هیچی تایبەتی ڕوو نادات و هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار جێبەجێ دەبێت

لە ئەدەبی سـیاسـیی خۆماندا ئێمە، پارتی سـۆسـیالدیموکراتی کوردسـتان (ڕۆژهەڵات)، لە ئێسـتای ئێراندا کوردستان و ئەو نەتەوانەی دیکە کە لە ژێر دەسـتەڵاتی سـەربازیی دەوڵەتی ئێراندان بە "کەنار" دادەنێین. مەبەسـتمان لە کەنار ئەو پێوەندییە کە ناوەند بە چواردەوری خۆیەوە هەیەتی. ئێمە کوردسـتان و دانیشـتووانی کوردسـتان بە داگیرکراو دەزانین و پێمان وایە ناوەند لە تاران خودئاگا سیاسـەتێکی داگیرکردن پێڕەو دەکات. ئەو سیاسـەتی داگیرکردنە هەموو بوارێکی کۆمەڵگای کوردسـتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دەگرێتەوە و لە ڕێگای زەبر و زەنگ و کوشـتن و پرین و زیندانیکردن و ترس و وەحشـەتەوە ڕاگیراوە. لەو پێوەندی داگیرکار و داگیرکراوەدا دانیشـتووانی کوردسـتان وا پەراوێز کراون و لە کەنار هاوێژراون کە ئەگەر هەر هیچ دەنگ بۆ هەڵبژاردنی سـەرۆککۆمارێکیش نەدەن، بە بێ گرفتێکی ئەوتۆ سـەرۆککۆمار هەر هەڵدەبژێردرێت، چونکە وەک لە سـەرەوە ئاماژەمان پێی کرد بناخەیەکی پێویسـت لە دەنگدەری شـیعەمەزهەبی وەفادار بەو خەتەی دەوڵەت هەن کە چالاکانە دەنگ دەدەن. بەشـداربوونی خەڵکی کوردسـتان لەو دەنگدانەدا زیاتر لەوەی کە ژمارەی دەنگدەرانی "بەڵێ" بۆ یەکێک لە نوێنەرانی ئەو بازنە شـیعەمەزهەبە دەسـتەڵاتدارە "زیاتر" دەکات، مانایەکی دیکەی نییە.

لە ئێرانی ئێسـتادا کە ژمارەی دانیشـتووانی حەفتا ملیۆن و نیوە نێزیکەی ٤٦ ملیۆن کەس بۆیان

هەیە دەنگ بدەن. لەو ژمارەیەدا ڕێژەی دەنگدەران لە کوردستان نیزیکەی ٧ بۆ ١٠ لە سەددی ئەو ژمارەیەیە (تێبینی بکەن کە ئاماری دروست حیسابی بە هۆی سیاسییەوە لە کوردستان نییە یان ناخرێتە بەردەست). لە هەڵبژاردنی ١٧ و ٢٤ مانگی شەشی ساڵی ٢٠٠٥ دا ژمارەی دەنگدەران نیزیکەی ٢٨ ملوێن بوو بە پلەی یەک ئەحمەدی نەژاد زیاتر لە ١٧ ملوێنی بردەوە و هاشمی ڕەفسنجانی دە ملوێنێک و باقی کەندیدادەکان کە مەهدی کەڕووبی یەکێک بوو لەوان کەمتر لە نیو ملوێن دەنگ.

## ٢. نەبوونی کاندید لە ئاستی بەرفراوان

لە دۆخی ئاسایی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەدا کاندیدگەلی جیاواز بە پێی هەبوونی پلورالیزمی سیاسیی دەبێت بتوانن هەبن. لەوەبەر میکانیزمگەلی بەرفراوان زەمینە بۆ بەشداریکردنی ئەو کاندیدانە خۆش و فەراهەم دەکات. هەڵبژێردەر دەتوانێت بە پێی تێگەیشتنی خۆی کاندیدێک هەڵبژێرێت.

لە دۆخی ئێستای ئێراندا خەڵکی کوردستان تەنیا ئەو هەڵبژاردەیەیان (کاندیدایان) لەبەردەستدایە کە بکوژان و ئەشکەنجەدەرانی خۆیان، بەو مانایە کە بە دەستی خۆیان داگیرکارانی کوردستان هەڵبژێرن. هەموو ئەوانەی ئێستا لە بازنەی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا خۆدەبیننەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە خودی دەستەڵاتەکە پێک دەهێنن، بە جۆرێک دەستیان لە درێژەدان بە داگیرکردنی کوردستان هەیە، و ڕاستوخۆ لە هێشتنەوەی کوردستان لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی و ئابووریدا لە ڕێگەی زیندان و ئەشکنجە، کوشتن و پرین و ئازاردان و ترساندنی خەڵکی کوردستاندا دەستیان هەبووە و هەیە.

کەسانی وەکوو مەحمود ئەحمەدی نەژاد، مـوحسێن رەزایی، مەهدی کەرووبی و حوسێن موسەوی لە بەرپرسانی یەکەمینی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و هەن، کە لە سەرکوت و و دواکەتوویی خەڵکی کوردستان خزمەتی گەورەیان بە کۆمارەکەیان کردووە و دەیکەن، ئەوان دژایەتی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانیان کردووە، زەرەی گەورەیان بەم گەلە گەیاندووە، داگیرکاری خاک و نیشتمانی کوردن، جگە لەوەی کردویانە، هیچ شێتکی تر نین!

ئێمە وەبیرتان دەهێنینەوە کە زۆرینەی ئەوانەی خۆیان کاندید کردبوو نەیانتوانی بە فلتەرەکانی شورای نیگاهباندا تێپەڕ ببن. لە کوردستان، تەنانەت لە ناو شیعەمەزهەبانی کوردیشدا، هیچ کەسێک زاتی ئەوەی نییە خۆی بۆ پلەی سەرۆککۆماریی کاندید بکات، چونکە زەمینەیەکی وا سیاسیی ڕێگای پێ نادات. کورد هێندە بە هەند ناگیرێت کە بتوانێت ئەو جۆرە "شەرەفە" بە خۆی بدات. هەڵاواردنەکە کە لایەنێکی بچووکە لە ڕەگزپەرستیەکی بێوێنە دژ بە کورد، بە ڕوونیی دیارە. ئەم ڕوونییە هەروەها لە هەڵبژاردنی پارلەمانیشدا دەردەکەوێت کە لە کۆی ٢٩٠ کورسی ژمارەیەکی زۆر کەم بەر کوردی لای خۆیان هەڵبژێردراو دەکەوێت.

## ٣. پێوەندی ناوەند بە کوردستانەوە

لە کوردستاندا سەرکوبێکی سیاسیی قووڵ و دژوار هەیە. مرۆڤی کوردستانیی لە پێوەندی

داگیرکراوی خۆیدا نەیتوانیووە پێشبکەوێت و خەباتی دیموکراسیی و مەدەنیی و سیاسیی خۆی پێش بخات. ڕێکخراوە و حیزب و پارتە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان لە گۆڕەپانێکی ئازاد و دیموکراتدا نەیانتوانیووە بیر و بۆچوونگەل و ڕووانگەی خۆیان بەیان بکەن.



دانیشتووانی کوردستان دووچاری ڕەگەزپەرستیی و هەڵاواردنێکی بێوێنە بوونەوەتەوە کە ناتوانن وەک کۆمەڵگایەکی سیاسیی ڕەفتار بکەن. پێش قسەکردن لە سەر هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن کوردان زۆر پێش ئەوەی بگەنە حەسارێ ڕێگایان لێ دەگیرێت چ بەوەی لە هۆدەی کۆبوونەوەدا بەشدار بن.

## ٤. دەنگدان بۆ کورد هیچ کەڵکێکی نییە، بەڵام بۆ داگیرکەر ئەو پەڕی بە سوودە

ئەگەر دانیشتووانی کوردستان هەر هیچ بەشداریی ئەو هەڵبژارنە نەکەن لە ڕاستییدا هیچیان لە کیس ناچێت. هیچ نیشانەیەک نییە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی دەوڵەت بە پێی بەشداریی دانیشتووانی کوردستان بگۆڕدرێت، بەتایبەتی کە سەرۆککۆمار لە ئێراندا بە پێی دەستوور دەستەڵاتی بەرسنووردارە. بەڵام بۆ دەوڵەتی ئێران و بۆ ئەو بازنە حاکمە سەردەستەی ئێستا قازانجی پروپاگەندەیی زۆری هەیە، چ ڕووەو ناوخۆ هەم لە دژایەتیکردنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و هەم لە دژاتەتیکردنی خەباتی نەتەوەکانی دیکە بۆ ئازادیی نەتەوەیی، چ ڕووەو بەشەکانی دیکەی کوردستان کە "کوردەکانی ئێران" شادترین و ڕازیترین جۆری کوردن، و چ ڕووبەڕووی جیهانی دەرەوە کە گوایا لە ئێران پرسێک بە ناوی پرسی کورد نییە.

چوونی ئایەتوڵا خامەنایی بۆ شاری سنە دەبێت لەو چوارچێوەیەدا ببینرێت. هاوکات قسەکانی ئەو، ڕاستی ترسی ئەوان بەرانبەر بیری کوردستانیبوون و سەربەخۆییخوازیی بەیان دەکات. هاتنی ئەو بۆ کوردستان و قسەکانی کەڕووبی زیاتر لە هەڵخەڵەتاندن و کەڵەکلێدانێکی دانیشتووانی کوردستان، هیچ مەبەستێکی دیکەی بۆ کورد تێدا نییە کە ئەرێنی بێت. ئەوان بە چاوی مێژوویەوە لە ئێستای کوردستان دەڕووانن و پێیان وایە هەمیشە دەکرێت کەڵک لە کورد بدرێت. ئەوە بەشێکە لەو ڕەگەزپەرستیەی کە سووکایەتیکردن بە کورد و بە سووک تێڕووانین لە کوردە.

### دەنگدان مافە یان ئەرک یان هەردووکیان؟

بە پێی بۆچوونی سۆسیالدیموکراتیانەی ئێمە کە تایبەتمەندیەکی کوردستانیبوونی هەیە دەنگدان هەم مافە و هەم ئەرکیش. خەباتێکی بێووچان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە پێناو مافی دەنگداندا کراوە و دەکردرێت. سەد ساڵێک لەمەوبەر دەنگدان مافێکی حاشاهەڵنەگر نەبوو. بزووتنەوەی کرێکاریی، بزووتنەوەی لیبرالی ئازادیخواز و لایەنانی ئازادیخواز لە بزووتنەوەی کڵێسایی و ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بە خوێن و بە ئارەقی نێوچاوان و بە شەونوخونی و بە کاری زەحمەت توانیان وردە وردە ئەو مافە بسێنن. ئێستایش لە زۆر شوێنی دونیادا ئەو مافە نەک هەر مافێکی حاشاهەڵنەگر نییە، بەڵکو مافێکە کە ئازادیخوازان پاش خەباتی بێووچان خەونی پێوە دەبینن. لەبەرئەوە لە ڕووانگەی ئێمەوە دەنگدان لە دۆخ و فەزای ئاسایی ئازاد و دیموکراتدا، ئەرکە. ئەرکێک بە مانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریی بۆ وەگەڕخستنی سیاسەت بۆ

ئاستێکی  جیددی. ئێمە وەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان دانیشتووانی کوردستان هان دەدەین کە لە پێناوی دەنگدان و مافی دەنگداندا تێبکۆشن، و هاوکات بزانن کە دەنگدانی ئێستا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکدا بۆ بازنەی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنگدانە بە پرۆسەیەک کە دژایەتی هەبوون و پێشکەوتن و گەشەی ئەوان دەکات.



## دەنگدان هەنگاوێکی تاکتیکیی، پرینسیپیی یان هەردووکیان؟

بە ڕای ئێمە نابێت دەنگدان پرۆسەیەکی تاکتیکیی بێت، بەڵکو دەبێت ستراتیژیی و پرینسیپیی بێت. لە دۆخی ئێستای ئێراندا دەنگدانی دانیشتووانی کورد نە دەتوانێت تاکتیکی بێت و نە پرینسیپیی. ئەویش لەبەرئەوەی کە لەو بازنە بەرتەسکەی میکانیزمگەلێکی تایبەتیی هەڵیدەسووڕێنێت دەنگدانی خەڵکی کوردستان ڕۆڵێک دەبینێت بۆ ئەگیتاسیۆنی سیاسیی کە تەنیا دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سوودی لێوەردەگرن. دانیشتووانی کوردستان لە ڕێگای ئەو هەڵبژاردنەوە ناتوانن داواکاریی تایبەتیی تۆمار بکەن.

## قازانجەکان ئێستایین، ئاییندەیین یان هەردووکیان؟

لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئاساییدا قازانجەکان دەتوانن هەم ئێستایی بن و هەم ئاییندەییش. لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی نوێ بۆ ئێران دانیشتووانی کوردستان قازانجێکی ئێستایی یان ئاییندەیی ناکەن، چونکە هەبوونی سەرۆککۆمارێکی نوێ ئەجێندای نوێ بۆ کوردستان ناهێنێتە ئاراوە. ئەو هێزانەی ڕاستەوخۆ لە ئێراندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن دیدێکی تایبەت و پلانبۆکراو و خودئاگایان لە سەر کوردستان هەیە و ئەم هەڵبژاردنە کاریان لێ ناکات. قازانجی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی نوێدا قازانجی بەرچاوی نییە.

## دەنگدان چەند لە سەر کورد دەکەوێت؟

دەنگدان بە سەرۆکێکی نوێ بۆ کۆماریی ئیسلامیی ئێران دەتوانێت زیانی ڕاستەوخۆ بە دانیشتووانی کوردستان بگەیەنێت و لانی کەم لە سێ مانادا خولاسە دەبێتەوە: ١. دەنگدان بە سەرۆککۆمارێک واتا دەنگدان بە شەرعیەتی هەبوونی لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا، ٢. دەنگدان بە سەرۆککۆمارێک واتا دەنگدان بە درێژەی ئەو پرۆسەیەی کە هەتا ئێشتا لە کوردستان بڕەوی هەیە، ٣. دەنگدان بە سەرۆککۆمارێک بە مانای شەرعیەتدان بە هەبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێت.

## مرۆڤی کورد بۆی هەیە دەنگ نەدات یان نا؟

ئێمە وەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) ڕێگا بە خۆمان نادەین کە بەشدارییکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا تەحریم بکەین، چونکە پێمان وایە باوەڕهێنان بە دانیشتووانی کوردستان کە بەشداریی نەکەن پرۆسەیەکی سیاسییە، کە حەتمەن دەبێت کات و توانا و میکانیزمی جیاوازی بۆ دابین بکرێت. لە دۆخێکی نادروست و نابەجێ و نائاساییدا دانیشتووانی کوردستان ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە دەکرێنەوە. بەڵام بە توندیی

ڕادەگەیەنین کە تا ئەو کاتەی دەکرێت و ئیمکانی هەیە دەنگ بە شەرعیەتکردنی داگیرکار و بکوژانی نەتەوەی کورد و دانیشتووانی کوردستان نەدرێت و خۆ بەدوور بگیرێت.

ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) پێمان وایە باوەڕهێنان بە دانیشتووانی کوردستان کە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئیران نەکەن پرۆسەیەکی سیاسییە، کە پێویستە کات و توانا و میکانیزمی جیاوازی بۆ دابین بکرێت. لە دۆخێکی نادروست و نابەجێ و نائاساییدا دانیشتووانی کوردستان ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە دەکرێنەوە. هاوکات بە جێددی ڕادەگەیەنین کە تا ئەو جێگەیەی دەکرێت و ئیمکانی هەیە دەنگ بە شەرعیەتکردنی داگیرکار و بکوژانی نەتەوەی کورد و دانیشتووانی کوردستان نەدرێت و بایکۆتی بکەن.

## مرۆڤی کورد دەتوانێت دەنگ بدات یان نا؟

لە ئێستای ئێراندا دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆریان پێخۆشە کە ڕێژەی بەشدارییکردنی کوردستانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا ئەوپەڕی بەئەژمار بێت، چونکە ١. ئەو بەشدارییکردنە بە مانای هەبوونی شەرعیەتی سیاسیی ئەوان لە کوردستان دێت، ٢. هیچ خێر و قازانجێکی تایبەتیی یان تەنانەت گشتیشیی بۆ کوردستان نییە و لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە وەگیریان ناهێنێت.

## سەرئەنجام

کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و دانیشتووانی کوردستان ڕووبەڕووی خراپترین جۆری چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئابووریی و فەرهەنگیی و سیاسیی دەبنەوە. تا پێت دەکرێت دەنگ مەدە! دەنگدان لە دۆخی ئێستای ئێراندا بە مانای شەریعەت دان بە نەزمێک دێت کە دەستی بە خوێنی خەڵکی دەوروبەرت سوورە ، کە لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنییدا خراپتر بووە نەک باشتر.

**ئێمە دووپاتی دەکەینەوە: کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و دانیشتووانەکەی ڕووبەڕووی خراپترین چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئابووریی و کۆلتوریی و سیاسیی دەبنەوە. تا پێت دەکرێت دەنگ مەدە! دەنگدانی تۆ وەکوو ئەندامی نەتەوەیەکی داگیرکراو، لە دۆخی ئێستای ئێراندا بە مانای شەرعیەت دان بە نۆرم و نەزمی سەرکووت و چەوساندنەوە دێت، بەمانای درێژەدان بە داگیرکاریی و ئازاردان و ئەشکنجەکردنی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان و ڕاگرتنی لە کۆیلەیتی و هەژاریدا دێت، کە لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا خراپتر بووە نەک باشتر! بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکدا مەکە، کە خێر و خۆشیەکی تایبەتی بۆ دانیشتووانی کوردستانی تێدا نییە.**

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٠٥/ ٢٠



info@psdkurdistan.org www.psdkurdistan.org